# رۆڵی خێزان لەسەقامگیری کۆمەڵایەتی دا

[ بە کوردی ]

دور الأسرة في استقرار المجتمع

[ باللغة الكوردية ]

نوسینی : ساڵح سەعید موستەفا سۆرانی

الكاتب : صالح سعيد مصطفى سوراني

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

المراجعة: بشتيوان صابر عزيز

نوسینگەی ( رەبوەی ) هەرەوەزیی بۆ بانگەواز و وشیارکردنەوەی ڕەوەندەکان لە شاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة بمدينة الرياض

**2008 -1429**

islamhouse.com

# رۆڵی خێزان لەسەقامگیری کۆمەڵایەتی دا

خێزان یەکەم خشتی بنەڕەتی و سەرەکی پێکهێنانی هەر کۆمەڵگەیەکەهەرکات خێزان دروست و تەندروست بوو ئەوا کۆمەڵگەش بەهەمان شێوەدەبێت. ئەگەر نا پێچەوانەکەی دەبێت.

داگیرکەران و خوێنمژانی گەلانی ستەمدیدە،هەردەم لەهەوڵی ئەوەدا بوون کەخێزان پرۆخێنن و لێکی هەڵبوەشێنن کەدەرەنجامەکەی ڕوخاندنی ئەو کۆمەڵگەیەیە .

خێزان قوتابخانەی یەکەمەکەڕۆلەکانی پیشکەش بەکۆمەڵگە دەکات ئەگەر تاکەکانی کۆمەڵگەنا تەندروست بوون بەتایبەتی باوك و دایك ئەوا ڕۆڵەی ترسناك و دەروون نەخۆش دەخەنەناو کۆمەڵگە.

لەبەر ئەوەیەکەزانایانی یاساناس کاتێك ویستویانەلێکۆڵینەوەلەسەر تاوانباران بکەن و، هۆکارەکان دەست نیشان بکەن لەئەنجام دانی تاواندا.لە زۆر بواردا لێکۆڵینەوەیان کردووەلەهەموو بوارەکان گرنگ ترو کاریگەر تر لەخستنەوەی تاوانباراندا خێزانە.واتەئەگەر لەناوەدا ڕووخاو بوو دەبێتە هۆی خستنەوەی کەسانی لادەرو نەخۆش و بەزیو و تاوانبار.لێکۆڵینەوەکان ئەیانسەڵماندووەکەزۆرینەی تاوانباران لە هەموو بوارەکانی تاوانەکانداو بەتایبەتی بکوژانن و ئالودەکان بەمادەسڕکەرەکان و چەتەو دزەکان سەرەتای فێربوونی تاوانکارییان لەماڵەوەدەستی پێکردووە.